# ئامانجی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە کێشەی ئەم 1200 پەنابەرە ئێرانیە چارەسەر بکەین

## گفتوگۆ لەگەل فازیل عوسمان لەبارەی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ پەنابەرانی ئیرانی..

fazil_osman1@yahoo.de

**ئۆکتۆبەر: هاوری فازیل بەر لەچەند رۆژ بەیاننامەیەك بەناوی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل بەنابەرانی ئیرانی لەولاتی سویسرا بلاوکراوەتەوە و ئیوەش وەك یەکیك لەئەندامانی ئەم کۆمیتەیە خەریکی هەلسوورانن بۆی.. سەرەتا دەمانەوێ بپرسین مەبەست لەپیکهاتنی ئەم کۆمیتەیە چیە و لەبەرامبەر چ گرفتیکی پەنابەراندا پیکهاتنی خۆی راگەیاندووە؟**

فازیل عوسمان: بەدوای ئاگادار بوونەوەم لە بارودۆخی ناهەمواری پەنابەرانی ئیرانی لەتورکیاو پەیوەندگرتنی کۆمیتەی پەنابەرانی ئیرانی لەتورکیاوە بەمنەوە، راستەوخۆ ئەم مەسەلەیە بووە بابەتی کاری ئیمە وەك فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی و لەمبارەشەوە هاوری ریبوار عارف رینمایی پیویستی پیدایین. پاشان توانیمان بانگەواز بۆکۆبوونەوەیەك بکەین بۆکارکردن لەمبارەوە وسەرەنجام لەبنکەی فیدراسیۆن لەشاری سەنگالین/سویسرا کۆبوونەوەیەکمان سازدا و لەویش بریاری سازدانی خۆپیشاندانیکمان لەبەردەم UNHCR لەشاری جنیف بەمەبەستی فشارهینان بۆلقی تورکیای UNHCR و دەولەتی تورکیاو جمهوری ئیسلامی ئیران و ئەوانەی کە چەند سالە نان وپیاز بەم مەسەلەیەوە دەخۆن بەتایبەتی ئەحزابە ناسونالیستەکانی کورد کەبەپیی بەرژەوەندی خۆیان و ریکەوتنیان لەگەل دەولەتانی تورکیاو ئیراندا بوونەتە بەربەست لەبەردەم خواستەکانی پەنابەراندا و ئەوانیان کردۆتە وەرەقەیەکی یاری بەدەستیانەوە. ئەگەرچی ئیمە هەرلەسەرەتاوە دەمانزانی کەبەشیك لەکۆمیتەی پەنابەرانی ئیرانی لەتورکیا دەستکەلای هەرئەم حیزبانەن بەلام بریاری ئیمە ئەوە بوو کە کاریك بکەین بەقازانجی هەموو پەنابەران تەواوبیت، نەك تەنها دەستەوتاقمیکیان، هەربۆیەش ئەوەمان قبول نەکرد کەبەناوی فیدراسیۆنەوە خۆپیشاندان بکەین‌و کەوتینە پیکهینانی کۆمیتەیەکی هاوپشتی تا ریگابدەین لایەنەکانی تریش بەشداربن و هیزیکی زۆرتر بهینینە مەیدانەوە. بەمجۆرە ئیمە ویستمان کیشەی نزیکەی 1200 پەنابەری ئیرانی نەبیتە قوربانی 30 تا 40 کەسیك کەئەحزابە کوردیەکان لەپشتیانەوە راوەستاون.

**ئۆکتۆبەر: جگەلە ئیوە ئەو کەسایەتی ولایەنانە کین کە لەم کۆمیتەیەدا پیکەوە کاردەکەن وە ئامانجەکانتان چیە؟**

فازیل عوسمان: لەرۆژی پیکهاتنی کۆمیتەکەمانەوە ئەم حیزب و لایەن و کەسایەتیانە بەشداربوون و وەلامی ئیجابیان بە راگەیاندنەکەی ئیمە داوەتەوە و پشتگیری خۆیان لەکۆمیتەکەمان راگەیاندووە: ریکخراوی CaBe Anti Racismus خاتوو Irenè v.hartz کەکارمەندیکە لەبواری کیشەی پەنابەراندا، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و هەردوو فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی و ئیرانی. سازمانی زەحمەتکیشان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، حیزبی کۆمۆمنیستی ئیران، ریکخراوی چاك دژی ئەنفال و جینوسایدی خەلکی کورد. ئامانجی سەرەکی ئیمە ئەوەیە کە کیشەی ئەم 1200 پەنابەرە ئیرانیە چارەسەر بکەین و لەنادیاری چارەنوسیان دەریان کیشین و بگەنە ولاتیکی ئارام، بۆئەم ئامانجەشمان خۆپیشاندانیکی جەماوەریمان وەك سەرەتا بەدەستەوە گرتووە تا وەك نوینەری ئەوان لە جنیف لەگەل کاربەدەستانی UNHCR دابنیشین و لەبارەی داواکاری پەنابەران و کیشەکەیانەوە ریگاچارەیەك بدۆزینەوە. هاوکات ئیمە هەولدەدەین بۆ راکیشانی پشتیوانی جیهانی بۆ ئەم پەنابەرانە و فشار هینان بۆسەر کۆمسیۆنی بالای پەنابەریتی لە UNHCR تا ئەم خواستانە بسەپینین:

1- وەستانی دەستبەجیی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران، 2- کردنەوەی کەیسە داخراوەکان و دەستپیکردنەوەی سەرلەنویی لیکۆلینەوە لەسەریان.3- گواستنەوەی پەنابەران بۆ ولاتی سیهەم. راگرتنی بریاری ژمارە 5683ی دەولەتی تورکیا کەتایبەتە بەمەسەلەی گەشت و گوزار..

ئۆکتۆبەر: تائیستا چیتان کردووە بۆ پەنابەرانی ئیرانی لەتورکیاو چ بەرنامەیەکی کارتان بەدەستەوەیە؟

فازیل عوسمان: ئیمە لەکۆمیتەی هاوپشتی لیژنەیەکی 3 کەسیمان ئازادانە هەلبژاردووە بۆ ئەوەی قسەکەری رەسمی کۆمیتەکەبن لەگەل UNHCR لەخۆپیشاندانی رۆژی 2005/7/8 تابتوانین بەم هۆیەوە داواکانی پەنابەران بگەیەنین و هاوپشتی ئەو پەنابەرانە بین کەلەتورکیا گیرۆدەن . بەلام دەوری تیکدەرانەو نامەسئولانەی سازمانی زەحمەتکیشان و حیزبی دیموکراتی ئیران کەلەئاخرین رۆژەکاندا پاشەکشەیانکرد و کەوتنە دژایەتی خۆپیشاندانەکەو هانی خەلکیان دا بۆبەشداری نەکردن ولەلایەکیتریشەوە کەوتنە فرت و فیل و تەلەکەبازی تا نوینەرانی خۆیان لە رۆژی خۆپیشاندانەکەدا بگەیەننە لای کاربەدەستانی UNHCR بۆئەوەی خوپیشاندانی خەلك و هەولی کۆمیتەی هاوپشتی بخەنە خزمەتی کەیسەکانی سەربەخۆیانەوە .. بەلام ئەم هەولانە ریسوابوون لەنیو خۆپیشاندەراندا و دەستیان کەشف بوو، هاوکات کۆمیتەی هاوپشتی وەك داکۆکیکەر لە ماف و داوای سەرجەم پەنابەرانی ئیرانی لەتورکیا کە ژمارەیان دەگاتە 1200 پەنابەر، سەربەرزانە هاتەدەرەوە. ئیمە هەولدەدەین لەداهاتوودا ویرای ئەوەی پشتیوانی گەورە بۆپەنابەران و خواستەکانیان بەدەست بهینین، ئەم لایەنەش لەبزوتنەوەی پەنابەراندا ریسوا و ناکام بکەینەوە کە خواستە گشتیەکانی سەرجەم پەنابەران دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی ژمارەیەك لەپەنابەران کە ئەحزابی ناسیونالیستی لەپشتیەوە راوەستاوە.